# ئەمڕۆش ڕۆیی

( هۆنراوەی شاڵاو )



ئەمڕۆش ڕۆیی
نامە گێڕی گەڕەکەکەم
ماڵ ماڵ گەڕا
نامەی ئەمڕۆی هەموو بەخشی
هەموو بستە زەمینێکی
ئەم شارە نامۆیەی پێکا
کۆلێک نامەی تازەی پێ بوو
درەخت درەخت نامەی چۆلەکەکانی هێنا
تەنها نامەیەک نەگەیشت
نامەی تۆ بوو ...
ئەمڕۆش ڕۆیی
ئەم ئێوارەش باخێک نەما
لەشارەکەم
کە سرودی خۆشەویستی
نەکا بە کاسەی سەر مێزی
گشت گوڵەکان
شاخێک نەما کە سێبەری
نەکا بە ماڵ بۆ کۆترە
بێ ماڵەکان ..
تەنها کەسێک
بێ ماڵ بێ گوڵ سەردەخاتە
سەرسەرینی تانیایی شەوێکی نامۆ
ئەویش منم
چاوەڕێمە
تاکو دەنووم
بۆ سێبەرو بۆ گوڵی تۆ ..

www.shallawonline.info.se